بۆ ڕاسیسمی تورك!



سەرکەش/ئوپسالا
a_sarkash@hotmail.com

ئێوە
لە پەنای مێژوویێکی
کوێردا
کوێر دەبینن
نابیناو
زەلیل دەمینن

ئێوە
لەهەناوی مێژوویێکی
کەڕ و کونددا
تەنیا
گوێچکەی
مزڕێژکراوی
کەڕ و
کوند بوون
وەدەست دێنن

ئێوە
لەبیابانی قات وقڕی
مێژووی ستەم
مێژووی
پڕلەشەرمی
شمشیر
شمشیری
بە خوێن سووری
هۆلاکۆ و
جەگیزخان
مێژووی
پڕلەشەرمی
خەلافەتی
عوسمانلیان
مێژووی
پڕلەشەرمی
تورکچێتی
کەمالیزم
تەنیا
خوێن ڕشتن و
تەنیا
ڕق و
کینە
بەرهەم دێنن

ئێوە
لە پڕۆسەی
مێژوویێکی
دوور و

دریژ و
سیستماتیکی
نکوولی و
قڕکردن
نکوولی و
قڕکردنی
ئەوانی تر
تەنها
تابلۆی
ڕەسوا بوون و
شەرمەزاریی
بۆ
خۆتان و
نەوەکانتان
دەنەخشێنن

02-12-2007

ئوپسالا/سوید